
# مجلة
# مێژووناسی
## (المعرفة التأريخية)

مجلة تأريخية فصلية

**العدد (2) صيف 2022، السنة الأولى**

تصدرها مجموعة من المختصين بالتأريخ
بالتعاون مع جامعة جيهان



المدرسة الاخلاصية في بدليس، تم إنشاؤها من قبل الأمير شرفخان البدليسي، عام 1589.
مەدرەسەی ئیخلاسیە لە بەتلیس، ساڵی 1589 لە لایەن شەرەفخانی بەتلیسی دروستکراوە.

گۆڤاری مێژووناسی ژمارە (2) هاوینی 2022، ساڵی یەکەم

# گۆڤاری
# مێژووناسی

گۆڤارێکی مێژوویی وەرزییە

**ژمارە (2) هاوینی 2022، ساڵی یەکەم**

لەلایەن کۆمەڵێک لە پسپۆڕانی مێژوو
بە هاوبەشی لەگەڵ زانکۆی جیهان دەردەچێت


- کاریگەری و هەژمونی شێخ مەحمود لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا
- شرۆڤەکردنی بەڵگەنامەیەکی ئەمریکی (ساڵی 1973) لەبارەی پەیوەندی کوردو ئەمریکا
- گەشتێکی مارك سایکس 1879 – 1919ی پیلان داڕێژەری نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە بەڵگەنامەیەکی دەوڵەتی عوسمانیدا
- کاریگەرییەکانی ئاگر لە بواری بیناسازی لە وڵاتی دووڕوبار
- السلطة وتدوين التاريخ في الإمبراطورية العثمانية بين القرنين 15_17م
- دور الفساد المالي في سقوط الدولة الايوبية وفق نظرية ابن خلدون

# گۆڤــاری مێــژوونــاســی

## گۆڤارێکی مێژوویی وەرزییە

## ژمارە (2) هاوینی 2022، ساڵی یەکەم

-------------------------------------------

**خاوەنی ئیمتیاز:** پ. د. ئەحمەد میرزا میرزا
**سەرنووسەر:** پ. د. حەکیم ئەحمەد خۆشناو
**بەڕێوەبەری نووسین:** د. فاخر عالی خانئاودەلی

**دەستەی نووسەران**
پ. د. فرسەت مەرعی
پ. د. عوسمان عەلی
پ. ی. د. مەهدی عوسمان هەروتی
پ. ی. د. شاخەوان عەبدوڵڵا سابیر
پ. ی. د. هەمزە کاکە یاسین
م. دیدار عوسمان

**دەستەی ڕاوێژکاران**
پ. د. موحسین محەمەد حسێن
پ. د. خەلیل عەلی موڕاد
پ. د. سەعدی عوسمان هەروتی
پ. د. فەوزیە یونس فەتاح
پ. د. ناسر مەلا جاسم
پ. د. هۆگر تاهیر تۆفیق
پ. د. عیماد عەبدولقادر سەعید
پ. د. کرڤان محەمەد ئەحمەد
پ. ی. د. زریان حاجی
پ. ی. د. دڵشاد عەزیز زاموا

گۆڤاری مێژووناسی

دیزاینی بەرگ و ناوەرۆک: سومەییە مورادی

ئیمەیل: Mejunasi@gmail.com

ژ. موبایل:

سەرنووسەر: 07504351005

بەڕێوەبەری نووسین: 07504468481

ناونیشانی گۆڤار: هەولێر- کورانی عەنکاوە - تەنیشت مزگەوتی حاجی یاسین بەقال

ئەو وتار و توێژینەوانەی کە لە گۆڤاری مێژووناسی بڵاودەکرێنەوە، گوزارشت لە ڕا و بۆچوونی نووسەرەکانیان دەکەن و دەستەی کارگێڕی گۆڤار لێی بەرپرس نییە.

## ڕێنماییەکانی بڵاوکردنەوە لە گۆڤاری مێژووناسی

- گۆڤاری مێژووناسی، گۆڤارێکی مێژوویی وەرزییە، وتارو توێژینەوەی تایبەت بە مێژووی کۆن، مێژووی ئیسلامی (سەدەکانی ناوەڕاست)، مێژووی نوێ و هاوچەرخ و بابەتی وەرگێڕدراوی مێژوویی بڵاودەکاتەوە.
- وتار و توێژینەوەکان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاودەکرێنەوە.
- لە نووسینی توێژینەوەکاندا پێویستە ڕەچاوی بنەماکانی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی بکرێت.
- وتار و توێژینەوەکاندا بە فۆنتی (یونیکورد گۆران) دەنووسرێت.
- بەکارهێنان و نووسینی سەرچاوەکان لەسەر شێوازی (شیکاگۆ) دەبێت و لە کۆتایی تەوەر و بەشەکاندا دادەنرێت.
- ناونیشانی سەرەکی وتار و توێژینەوەکان بە فۆنتی قەبارە (١٦) دەبێت، ناوی توێژەر و ناونیشانە لاوەکییەکان فۆنتی قەبارە (١٤)یان بۆ بەکاردەهێندرێت.
- ژمارەی لاپەڕەکانی هیچ وتار و توێژینەوەیەك لە (٢٠) لاپەڕە تێپەڕ نەکات.
- توێژینەوە و بابەتەکان لەڕێگەی ئیمەیلی گۆڤارەکە (Mejunasi@gmail.com) پێشکێش دەکرێن.
- توێژینەوەکان لەلایەن پسپۆڕی شارەزاوە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت، دوای پەسەندکردنیان بڵاودەکرێنەوە.

### سەرنج و ئاگاداری:

بۆ هەموو توێژەرانی ماستەر و دکتۆرای بواری مێژوو، ئەو بەڕێزانەی ئارەزووی بڵاوکردنەوەی تاوتوێی ماستەرنامە و دکتۆرانامەکانیان هەیە، بە تایبەت ئەوانەی لە ساڵی ٢٢٠٢ بڕوانامەکانیان بە سەرکەوتوویی وەرگرتووە، ناونیشان و پوختەیەك لە نامە و تێزی ماستەر و دکتۆرانامەکانتان، لەگەڵ هاوپێچکردنی چەند وێنەیەکی ڕۆژی تاوتوێکردنەکەتان بۆ ئیمێلی گۆڤار بنێرن، بە خۆشحاڵییەوە لە گۆڤاری مێژووناسی بڵاودەکرێتەوە.

# پــێــرست


| | |
|---|---|
| کاریگەری و هەژمونی شێخ مەحمود لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا<br>(د. ڕەنجدەر محمد عزیز) | ٨ |
| شرۆڤەکردنی بەڵگەنامەیەکی ئەمریکی (ساڵی ١٩٧٣) لەبارەی پەیوەندی کوردو ئەمریکا<br>(پ.د. سەعدی عوسمان هەروتی) | ١٦ |
| گۆڕانکاریەکانی کەشوهەوا لەکوردستان، ولێکەوتەکانی لەسەدەکانی ناوەڕاست<br>(پ.ی.د.مەهدی عوسمان هەروتی) | ٢٥ |
| دیدی مەلا جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی سەبارەت بە فتوحاتی ئیسلامی لە کوردستان<br>(د.زریان حاجی) | ٧٢ |
| گەشتێکی مارك سایکس ١٨٧٩ – ١٩١٩ی پیلان داڕێژەری نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە بەڵگەنامەیەکی دەوڵەتی عوسمانیدا<br>(د. فاخر عالی خانئاودەلی) | ٨٨ |
| سدیق قادری یەکەم کوردە بیرەوەریەکانی دەربارەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و شەڕی ناوخۆی ڕوسیا دەنووسێتەوە<br>(پ.ی. د. شاخەوان عبدالله صابر) | ٩٥ |
| لەشکرکێشی ئیمپراتۆرە ڕۆمەکان و سەرکردەسەربازییەکانی بۆ سەر شانشینی ئەدیابینێ و شاری ئەربێلای پایتەختی( ٦٩ پ.ز -٣٠٠ زاینی)<br>(ڕێزان قادر عەبدوڵڵا ئاغا غەفوری) | ١٠٣ |
| ڕۆڵی زانستی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بنەماڵەی مەلا ئەفەندی و موفتی لە هەولێر، ڕەشاد موفتی بە نموونە<br>(مەغدید حاجی) | ١٢٣ |
| شار لە هزری ئیسلامیدا<br>(د.رسول ابراهیم رسول) | ١٣٢ |
| کاریگەری زانای ئەندازیار جەزەری(٥٣٠ك-١١٣٦ز/٦٠٠ك-١٢٠٦ز) لەسەر شارستانیەتی ڕۆژئاوا<br>(مەبەست بڕهان قادر) | ١٥٥ |
| ڕێکەوتنامەی نێوان کوپەنتا-کورونتا و مورشیلی (سی-تی-ئێیچ ٦٨ **CTH 68**)<br>(د. ئاسۆس محەمەد مەلا قادر) | ١٧٦ |
| کاریگەرییەکانی ئاگر لە بواری بیناسازی لە وڵاتی دووڕوبار<br>(رفیق رسول صوفی) | ٢٣٨ |

# الفهـرس


| | |
|---|---|
| السلطة وتدوين التاريخ في الإمبراطورية العثمانية بين القرنين ١٥ ـ ١٧م<br>(أ . د . خليل علي مراد) | ٢٥٤ |
| الفرق الباطنية الحديثة في التاريخ الإسلامي - القسم الأول<br>(أ.د. فرست مرعي) | ٢٧٧ |
| دور الفساد المالي في سقوط الدولة الايوبية وفق نظرية ابن خلدون<br>(أ.م. د . حكيم عبدالرحمن زبير البابيري) | ٢٩٧ |
| مقدمات حرب عالمية في أوروبا (٢٠٢٢)<br>(أ.م.د. عبدالتواب أحمد الخياط) | ٣١٩ |

# شار له‌ هزری ئیسلامیدا

**د.رسول ابراهیم رسول**
زانكۆی ڕاپەڕین/ كۆلیژی زانسته‌ مرۆڤایه‌تییه‌كان/ بەشی مێژوو
Rasul.ibrahim@uor.edu.krd

پێشەكی:

لـەدوای قۆنـاغی دۆزینـەوەی كشـتوكاڵ و هـەنگاوەكانی نیشـتەجێبوونی مـرۆڤ و كۆبوونـەوەیان لەشـوێنێكدا سـەرەتاكانی دروسـتكردنی شـارە سـەرەتاییەكان لەشـێوەی هەوارگـەی كشـتوكاڵی دەسـتیانپێكردووە[1]، گەشـەكردنی مێژوویانەی ئەو نیشنگە كشتوكاڵیانە و زیـادبوونی پێداویسـتیە مـادی و نامادییـەكانی خواسـتی قـەبارە و چۆنیـەتیان گەشە بكات و وردە وردە شار بێتە ئاراوە[2]، ئیدی شار و شارنشـینی وەك دیاردەیـەكی كـۆنی نـاو مێـژوو، بابـەتێكی گرنگی پەیوەست بـە ژیـانی جڤـاكی مرۆڤایەتییـە، سـەرهەڵدان و گەشـەكردنیان لـەڕوی چۆنیـەتی و چەندییەتییـەوە قۆناغی جیاوازیان بڕیوە، بۆیەشە زۆر بۆتە جێی مشتومڕ و لێكۆڵینەوە، لەوانەش ئەو لایەنەی كە زۆر جێی بایـەخ بووە، پلانڕێژی شار و دونیابینی نەتەوە جیاوازەكانە، كە بەدرێژایی قۆناغەكان هەریەكەیان لە ڕوانگەی پێویستی و كەرەسەكانی بەردەست و ئاستی گەشەی شارستانیان ڕۆڵیان لە گەشەكردن و نەخشە و چۆنیەتی بنیاتنـانی شـارەكان لەمێژوودا بینیووە.

لەمبارەیەشەوە قۆناغێكی گرنگی ئەم گەشەكردنەش ماوەی مێژووی ئیسـلامیە، بەتایبـەتیش سـەردەمی خیلافـەتی عەبباسی(132-656ك/ 749- 1258ز)، نەخاسمە خودی كرۆكی ئیسلام كە وەك ئاینێكی مەدەنی بابـەخی زۆری بەم لایەنە داوە، ئەمە و دونیابینی زانایانی موسڵمان لەمبارەیەوە جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانن، چونكـە لەڕاسـتیدا شـارانگەڕا و وڵاتناسـانی موسـڵمان بەپشـت بەسـتن بـە دەقـەكان و ڕوداوەكـانی پێشـینانی ئیسـلام كۆمـەڵێ بنـەما و پرەنسیپی گرنگیان بۆ پێشخستنی شارەكان و بە شـاردانانی شـوێنەكان دانـاون، ئەمـە و ڕۆڵـی گرنگیـان لـە بابـەتی پلانڕیژی شار (تخطيط المدينة) دا بینیووە، ئەوەی كە ئەمڕۆ لە زانستی جوگرافیای شاردا بە (ماستەر پلانـی شـار) ناسراوە، بۆیە قابیلی لێكۆڵینەوە و قسە لەسەر كردنە.

لەم چوارچێوەیەشدا توێژینەوەكـە وەڵامـی چەنـد پرسـێكی گرنـگ دەداتـەوە، مەبەسـت لـە چـەمكی شـار لـەرووی زمانەوانی و زاراوەییەوە چییـە؟ ئـەو دەقەنـەی لـەمبارەیوە بوونـە بنـەما بـۆ لێكدانـەوەی لای گەڕیـدە و شارناسـانی موسڵمان چین؟ چۆن لەهزری ئیسلامیدا ڕەنگی داوەتەوە لەوانە ئەو بنـەما و پرنسیپانە چین كـە بـۆ شـار بەمـەرج گیراون؟ چۆن شوێنێك دەتوانرێن بەشار هەژماربكرێت؟ جیاوازی نێوان شار و شارۆچكە و ئاوایی چییە؟ ئەمانـە و چەندا پرسیاری دیكە، كـە وایـانكردووە لـە گۆشـەنیگای جیـاوازەوە ڕاڤـە و شـیكاری بـۆ شـار بكرێـت، كـە بەشـێك لەمانەش دەبنە جێی بایەخی ئەم توێژینەوەیە. بێگومان بۆ نوسـینی ئـەم توێژینەوەیـەش پشـت بـە میتـۆدی وەسفی و شیكاری بەستراوە، سەرباری گەڕانەوە بۆ دەق و لێدوان و ڕوداوی پێشینانی مێژووی ئیسلامی، بە پشت بەستن بـە دەیان سەرچاوەی ڕەسەن و ژێدەری زانستی نوێ، ئەوەی پەیوەندیشی بە پێكهاتەی توێژینەوەكەشەوە هەیـە ئـەو لـە چوارچێوەی دوو باسی سەرەكی خۆی دەبینێتەوە، سەرباری ئەو پێشەكیە و ئەنجامەكان و لیستی سەرچاوەكان.

## لێكدانەوەی چەمكی شار (المدينة) لەڕووی زمانەوانی و زاراوەییەوە:

### 1- لەڕووی زمانەوانییەوە :

وەك هەر چەمك و زاراوەیەكی دیكە لێكدانەوە و شرۆڤەی جیـاواز بـۆ چـەمكی شـار (المدينة)شـكراوە، ئـەوەی تایبـەت بـەم باسـەش قسـەی لەسـەر دەكرێـت، زیـاتر لـە چوارچێـوەی دونیـابینی ئیسـلام و وڵاتنـاس و شارناسـە مۆسـڵمانەكانە، ئەمـە و هەنـدێ جـار شـرۆڤەی تـوێژەرانی نـوێی بـواری زانسـتی جوگرافیـای شـار خراونـە ڕوو،

سەربارى جياوازى بۆچونەكان بۆ ناساندنى چەمكى شار (المدينة)، لە ديدگاى جياوازە و بە پشت بەستن بە چەند بنەمايەك پێناسە كراوە، لەوانەش لەسەر بنەماى قەبارە و وەزيفى و ميژوويى و كارگيرى و ئايينى و كۆمەڵناسييەوە، بەڵام ئەوەى لێرە دەخرێتە ڕوو كورتەيەكى ئەم ناساندنانەيە[3]، بە لەبەرچاوگرتنى قۆناغە مێژووييەكە، بەهەرحاڵ لە ڕووى زمانەوانيەوە چەمكى شار (المدينة) بە كۆ (مدن يان مدائن) بەشوێنێك دەوترێت كە خەڵك تێدا كۆدەبنەوە[4]، بە ماناى پەناگە و پەنايەك بۆ كۆبونەوەى خەڵكيش هاتووە[5]، ڕاى واش هەيە كە (المدينة) لە وشەى (دين)ەوە وەرگيرابێت، كە ئەويش بە ماناكانى (الملك و الحكم) دێت، هەروەك دەوترێت (الدين – السلطان – ملكته –الحكم)[6]، هەروەك لە قورئانى پيرۆزيشدا{فَلَوْلا إِنْ كُنْتُمْ غَيْرَ مَدِينِينَ}( الواقعة/86) (غَيْرَ مَدِينِينَ)بە (أَي غَيْر مَمْلُوكِيْن) راڤەكراوە[7]، لاى بەشێك لە زمانەوانانيش لە بنچينەدا وشەى (دين) بە وشەيەكى ئارامى دەزانرێت، لاى ئاشورى و ئەكەديەكانيش بە ماناى( قانون يان قاضي)يش هاتووە، كە خەسڵەتێكى ئايينى و كارگێرى و سياسى بە زاراوەى (مدينة) بەخشيووە[8]، لە ڕوانگەى كۆمەڵناسيشەوە شار بە هاوتاى ئومە دانراوە[9]، لە قورئانى پيرۆزيشدا زاراوەى (المدينة) (سێزدە)جار هاتووە، كە (چوار) لەوانە مەبەست لێيان (المدينة المنورة)يە، چ جاى شار و شارۆچكەى ديكەش[10]، بەئاماژەى (القرى و القرية)ش هاتوون كە مەبەست شار دەگەيەنن[11]، كە ئەمەش دەرخەرى گرنگى چەمكەكە و بابەتى پەيوەستبوونى ژيانى شارستانى و مەدەنى و پەيوەندى بە سستەمى سياسى و كارگێڕى ئاين بە شارستانيەوە دەخاتە ڕوو.

بەم شێوەيە ئەوەى لە مانا جياوازەكانى زمانەوانى شار دەكرێت تێبينى بكرێت، لە هاومانا نزيكەكانى وەك( الملك و الحكم و قاضي و الدين و قانون) و سەربارى شوێن و كۆمەڵێ خەڵك، هەموو ئەمانە پێويستيەكانى شارن، بنەماى گرنگى سەرهەڵدان و دروستكردنى، بەمانايەكى ديكە، هەموو كۆبوونەوەيەكى گروپێكى خەڵك پێويستيان بە شوێن هەيە، پێويستى ڕايكردن و بەڕێوەبردنى ئيش و كاريشيان بێگومان پێويستى بە سستەم و ياساگەلێك هەيە، حوكمێكيش بۆ جێبەجێكردن و چاودێرى كردنى بەڕێوەچوونى ئيش و كارەكان، كە ئەمانەش لەگەڵ بنەما و سستەمى شار يەكدەگرنەوە، كە زياتر لەلێكدانەوەى زاراوەييەوە جەخت لەسەر ئەم بنەمايانە دەكرێتەوە.

**2- لەڕووى زاراوەييەوە:**

لەڕووى زاراوەيشەوە بەهەمان شێوە لەڕوانگەى جياوازەوە و لەسەر كۆمەڵێك بنەما شار پێناسە كراوە، لەوانە بەشێك پێيان وايە يەكێك لە پێناسە باوەكانى ئەوەيە، كە شوێنى نيشتەجێبوونى گروپێك لە مرۆڤە، كە بە چالاكييەكانيان وێنايان كردووە، بەمەش شار تەنها خانووبەرە نييە، بەڵكو جێگاى مرۆڤى رێكخراو و چينەكان و بنەماڵەكانە، كە ئەمانە دەگرێتە خۆ، گروپێك لە دانيشتوان و ڕابردوو و كۆن بوونى شار كە ناسێنەرى ژيارى مرۆڤە و شێوەى نيشتەجێبوونە، كە لە كەلتوورى شاريان وەرگيراوە[12]، ياخود بريتييە لە ڕووبەرێك لە زەوى كە دانيشتوان تێدا كۆبوونەوە و لەسەرى دەژين، يان بريتييە لە شوێنى كۆبۆنەوەى مرۆڤى خاوەن ژيار، شوێنێكە كە تيايدا گروپ و دەستەى كۆمەڵايەتى جياواز لە زمان و كەلتور تيايدا كۆدەبنەوە[13]، شوێنێكە بۆ يەكەم پلەى پێگەيشتنى كۆمەڵايەتى مرۆڤ، جياوازە لە كۆمەڵگەى گوندى، بە شوێنێكى كۆمەڵايەتى تەواو دانراوە[14]، لە لايەكى ديكەوە بە لەبەرچاوگرتنى جياوازى بارى ئابوورى و كۆمەڵايەتى و سياسى و كارگێرى بە هۆكارى نەبوونى پێناسەيەكى ستاندار بۆ شار دەزانرێت، بەهەرحاڵ دەكرێت بە لەبەرچاوگرتنى بارى ئابوورى و كۆمەڵايەتى و شوێنى شار لە دابەشبوونى جوگرافياى كاردا و مۆرفۆلۆژى شار، دەكرێت بەگشت ئەو ئاوەدانيانەى كە ژمارەى دانيشتوانيان چەند هەزار كەسێكە و بەشى زۆريان لەبوارى ئابووريدا لە سێكتەرى ناكشتوكاڵى كار دەكەن، بەشار دادەنرێن[15].

هەرچى تايبەتيشە بە پێوەرەكانى بەشار دانانى شوێنێك، ئەوا سەربارى ڕا جيايى لە نێو جوگرافى ناس و مێژوو نووسانى كۆن و نوێش، هەر يەكەيان كۆمەڵێك بنەما و پێوەريان بۆ ناساندنى شارەكان دارشتوون، كە دەكرێت لەمانەدا پوخت بكرێنەوە:

- بوونی سنورێکی دیاریکراو.
- دامودەزگای کارگێڕی و سیاسی.
- ئاوی پێویست.
- بازاڕ و شوێنی کڕین و فرۆشتن.
- قەڵا و پەناگەی سەربازی.
- بوونی یاسا و سستەمێك.
- ئاسایش و ئارامی. ئەمانە و چەند بنەمایەکی دیکە[16].

کە لەڕاستیشدا ئەم پێوەرانەش بۆ هەموو شار و شوێنێك و بەپێی قۆناغ و سەردەمی مێژووی گۆراون، پێوەرێکی جێگیر و نەگۆر نەبوون، بەڵکو بەپێی قۆناغەکانی گەشەکردنی ژیانی شارستانی و داهێنان و زیابوونی ژمارەی دانیشتوان، هۆکارگەلی دیکە، بەرە بەرە گۆڕانکاری گەورەش بەسەر گەشەکردنی شارەکانیشدا هاتووە، کە بێگومان ڕەهەندەکانی گەشەکردنیشیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی ترو لە سەردەمێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازبوە[17].

**شار لە هزری ئیسلامیدا:**

لێکۆڵینەوە لە ژیانی شارنشینی و شارستانی سەرباری ئەوەی بایەخێکی مێژوویی گرنگی هەیە، پەیوەندییەکی زۆریشی بە ئایینەوە هەیە، تا ئەو ڕادەیە ئاین بۆتە سەرچاوەی داهێنان و بە سەرچاوە گرتنی شارستانیەت، لە ڕەوتی گەشەکردنی مێژووی مرۆڤایەتی و شارستانیدا جێگە و پێگەی ئایین دیار و بەرچاو بووە، زیاتر لەوەش بەشێکی لە شارستانی گەلان بە ئاینەکەیانەوە ناوزەند کراون، بە تایبەت ئاینە ئاسمانیەکان بەگشتی و بەتایبەتیش ئیسلام، بۆیە هەڵدەگرێت بە پشت بەستن بە دەق و سەرچاوە ڕەسەنەکانی و ڕوداوە مێژووییەکان، دونیابینی بخرێتە ڕوو، کە بە کورتی باسیدەکەین.

بەتایبەت لێرەدا بەکورتی ئاماژە بە بەشێکی کەم لەشرۆڤەی زمانەوانی و زاراوەی شار (المدینة) دەکرێت، بە تایبەت ئەوەی جێی مەبەستە زیاتر لە ژێر ڕۆشنایی دونیابینی هزری ئیسلامی و دیدگای وڵاتناس و شارانگەڕاو شارناسانی موسڵمانەوە لێکدەدرێتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی قۆناغی لێکۆڵینەوەکە و پەیوەندیداری بە مێژووی شارستانی ئیسلامی، لە ڕاستیدا زانایانی موسڵمان بەگشتی بۆ لێکدانەوەی سەرجەم لایەن و کایەکانی ژیانی مرۆڤ، بە پلەی یەکەم پشتیان بەسەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام بەستووە، کە بریتین لە قورئان و فەرموودەکانی (پێغەمبەر)(ص)(کردار و گوفتار)، ئینجا لە چوارچێوەی شەرعدا ئیجتیهاد و پێوانەکردن، بەهەرحاڵ ئەم لایەنەش وەك لایەنێکی گرنگی ژیانی شارستانی و جڤاکی، جێی بایەخ و لێدوان و شرۆڤەکردن بووە، سەرباری ئەوەی چەمکی شار(المدنیة) بە سەرچاوەکانی ئیسلام و موسڵمانان نامۆ نییە، بەڵکو ناسراو جێی بایەخیش بووە، لەوانەش چەند چەمك و زاراوەیەك لە نموونەی ( مصر، المدینة، القریة، ناوی چەندان شار و ئاوایی و ئاوەدانی) لە قورئان و فەرموودەدا هاتووە، کە بەشێکیان ڕەهەندی شارستانی و مێژوویان هەیە[18]، نەخاسمە لە بەشێکیاندا بنەما و پێوەرەکانی شاریان تێدا باسکراوە، بۆ نموونە هەروەك لە ئایەتی ( 123)ی سورەتی (الاعراف)دا هاتووە، کە (خوای گەورە) دەفەرموێت: {قَالَ فِرْعَوْنُ آمَنْتُمْ بِهِ قَبْلَ أَنْ آذَنَ لَكُمْ إِنَّ هَذَا لَمَكْرٌ مَكَرْتُمُوهُ فِي الْمَدِينَةِ لِتُخْرِجُوا مِنْهَا أَهْلَهَا فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ}[19]، هەروەك لە ڕاڤەی زاراوەی (المدینة)دا کە لە ئایەتەکەدا هاتووە، ئاماژەیە بۆ شوێنێك کە خەڵك تیایدا کۆبوونەتەوە و دەژین، هەروەها لە ئایەتێکی دیکەدا هاتووە{فَابْعَثُوا أَحَدَكُمْ بِوَرِقِكُمْ هَذِهِ إِلَى الْمَدِينَةِ فَلْيَنْظُرْ أَيُّهَا أَزْكَى طَعَامًا فَلْيَأْتِكُمْ بِرِزْقٍ مِنْهُ وَلْيَتَلَطَّفْ وَلَا يُشْعِرَنَّ بِكُمْ أَحَدًا}[20](سورة الكهف، الاية (19)، کە سەرباری ئەوەی وەك شار و ناوەندی کۆبۆنەوەی دانیشتوان هاتووە، ئاماژەیە بۆ ناوەندێکی کارگێری و بازرگانی و کڕین و فرۆشتنیش، هەر لە هەمان سورەت و لە ئایەتێکی دیکەدا هاتووە{وَأَمَّا الْجِدَارُ فَكَانَ لِغُلَامَيْنِ يَتِيمَيْنِ فِي الْمَدِينَةِ وَكَانَ تَحْتَهُ كَنز لَهُمَا وَكَانَ أَبُوهُمَا صَالِحًا فَأَرَادَ رَبُّكَ أَنْ يَبْلُغَا أَشُدَّهُمَا وَيَسْتَخْرِجَا كَنزهُمَا رَحْمَةً مِنْ رَبِّكَ وَمَا فَعَلْتُهُ عَنْ أَمْرِي

ذَلِكَ تَأْوِيلُ مَا لَمْ تَسْطِعْ عَلَيْهِ صَبْرًا} (سورة الكهف، الاية (82)، كە ئاماژەی لەسەر ئاوەدانی و دانیشتوان ئاواکاری و کانزا و کەلوپەلی ژیانی تێدایە.

نەك نموونەی ئایەتی واش لە قورئاندا هەن، کە ئاماژەن بۆ بەشێك لـە خەسڵەتی کۆمەڵایەتی و هاوسوێیی و خزمایەتی، هەروەك (خوای گـەورە) کـە ئاماژەی بـە گەڕانـەوەی (موسـی)(ع.س) بـۆ شـار کـردووە هـەروەك دەفەرموێت: {وَدَخَلَ الْمَدِينَةَ عَلَى حِينِ غَفْلَةٍ مِنْ أَهْلِهَا فَوَجَدَ فِيهَا رَجُلَيْنِ يَقْتَتِلَانِ هَذَا مِنْ شِيعَتِهِ وَهَذَا مِنْ عَدُوِّهِ فَاسْتَغَاثَهُ الَّذِي مِنْ شِيعَتِهِ عَلَى الَّذِي مِنْ عَدُوِّهِ فَوَكَزَهُ مُوسَى فَقَضَى عَلَيْهِ قَالَ هَذَا مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ عَدُوٌّ مُضِلٌّ مُبِينٌ}[21]( سورة القصص، الاية 15)، شاریش وەك مەڵبەندێکی ئاوەدانی و شوێنێك بۆ کۆبوونەوەی خەڵکی هەمەکارە و ئاست جیاواز و جۆری خەڵکی چاکە خواز و خراپەکاریش لێی خڕبوونەتەوە، هەروەك لە ئایەتێکی دیکەدا( خوای گـەورە) فەرموویـەتی: {لَئِنْ لَمْ يَنْتَهِ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ وَالْمُرْجِفُونَ فِي الْمَدِينَةِ لَنُغْرِيَنَّكَ بِهِمْ ثُمَّ لا يُجَاوِرُونَكَ فِيهَا إِلا قَلِيلا}[22]( سورة الاحزاب، الاية 60)، ئەگـەرچی ئەمانـە نموونـە گـەلێکن بـۆ شـوێن و شـاری دیاریکراو، نەخاسمە بە دیاریکراویش ناوی چەند شارێك لە قورئانی پیرۆزدا لە باسکردنی ڕووداو و مەبەستگەلی جیاواز هاتووە، لە نموونەی ( مكة، أم و قرى، المدينة، يثريب، صنعاء، مأرب، مصر ) [23].

لەپاڵ ناوی شار (المدينة) نزیکەی(29 جار) زاراوەی ( القرية، القرى، القريتين)ش هـاتووە، دیـارە لـە بنچینـەدا وەك شوێنی نیشتەجێبوونی بچوکتر لەشـار[24]، لەوانـەش (8 جـار) بـە شـێوازی ناسـراو (21 جـار)یش بـە شـێوەی نەناسراو هاتوون[25]، مانای جیاوازیش دەگەیەنن، هەروەك (خوای گـەورە) دەفەرموێت: {وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا فِي كُلِّ قَرْيَةٍ أَكَابِرَ مُجْرِمِيهَا لِيَمْكُرُوا فِيهَا وَمَا يَمْكُرُونَ إِلَّا بِأَنْفُسِهِمْ وَمَا يَشْعُرُونَ}[26]( سورة الانعام، الاية 123)، یاخود دەفەرموێت: {قَالَ الْمَلَأُ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا مِنْ قَوْمِهِ لَنُخْرِجَنَّكَ يَا شُعَيْبُ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَكَ مِنْ قَرْيَتِنَا أَوْ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا قَالَ أَوَلَوْ كُنَّا كَارِهِينَ}[27]( سورة الأعراف، الاية (88))، کـە بەمەسـت لێـرە شـاری (مـدین)ە، یـاخود{فَلَوْلَا كَانَتْ قَرْيَةٌ آمَنَتْ فَنَفَعَهَا إِيمَانُهَا إِلَّا قَوْمَ يُونُسَ لَمَّا آمَنُوا كَشَفْنَا عَنْهُمْ عَذَابَ الْخِزْيِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَمَتَّعْنَاهُمْ إِلَى حِينٍ}[28]( سورة يونس/ الاية 88)، کەمەبەسـت شـاری (نینوی)یـە[29]، وەیـان {وَمَا أَرْسَلْنَا فِي قَرْيَةٍ مِنْ نَبِيٍّ إِلا أَخَذْنَا أَهْلَهَا بِالْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ لَعَلَّهُمْ يَضَّرَّعُونَ }[30]( سورة الأعراف، الاية 94)، ئەمانە ئاماژەگەلێکن بۆ گونـد و ئاوایـەکانی دەوروبـەری شـار و شـوێنانێك دانیشتوانی تێدا کۆبوونەتەوە و دەژین[31]، لەکاتێکدا وشـەی (القريـة) لـەبری نـاوی شـاریش بـەکارهاتووە، هـەروەك (خـوای گـەورە) دەفـەرموێت: {وَكَأَيِّنْ مِنْ قَرْيَةٍ هِيَ أَشَدُّ قُوَّةً مِنْ قَرْيَتِكَ الَّتِي أَخْرَجَتْكَ أَهْلَكْنَاهُمْ فَلا نَاصِرَ لَهُمْ }[32]( سورة محمد، الاية 13)، کە لێرەدا (القرية) [33]بەمانای شار و باژێر دەگەیەنێت، بەتایبەتیش (مەککە)، کە ئەو بەشەی دانیشـتوانی کـە پێغەمبـەر(ص)یان بـە درۆیـانزانی و ئازاریـان داو وەدەریـان نـا[34]، لەئایـەتێکی دیکـەدا (خـوای گەورە)دەفــەرموێت: {وَاضْرِبْ لَهُمْ مَثَلًا أَصْحَابَ الْقَرْيَةِ إِذْ جَاءَهَا الْمُرْسَلُونَ (13) إِذْ أَرْسَلْنَا إِلَيْهِمُ اثْنَيْنِ فَكَذَّبُوهُمَا فَعَزَّزْنَا بِثَالِثٍ فَقَالُوا إِنَّا إِلَيْكُمْ مُرْسَلُونَ(14)}(سورة يس، الاية 13-14)، کە شـارەزایان و ڕاڤـەکاران ئاماژەیـان بـەوە کردووە، کە مەبەست لە (القرية) لە ئایەتەکەدا شاری(أنطاكيه )یە[35].

لـە نموونـەی ئـەو ئایەتانـەی کـە لەمبارەیـە هەنـە، چەنـد پرەنسـیپ و بنەمایـەکی شـار و تەنانـەت ئاواییـەکانی دەوروبـەری شـاریش بەدیـدەکرێن، یـاخود شـرۆڤەی ڕووداو و ئاماژەکـانی ناویـان زانیـاری وردیـان لەسـەر پێویستیەکانی شار تێدایە، لە نموونەی شوێنێك کـە شـاری لەسـەر بنیاتـدەنرێت و پێویستیەکانی دەسـەڵات و یاسـا و بوونی دانیشتوان و ناوەندی بازرگانی و بازاڕ و چین و دەسـتەی کۆمەڵایـەتی جیـاواز، دەوروبەریشـی بـە گونـد و ئاوایی جۆراجۆر لە مەڵبەندی کشتوکاڵی و پارێزگاری و کۆمەڵێکی بچوکتری دانیشتوان پێکهاتوون، کەوەك پاشکۆی شار و سەربەشار دەکرێت هەژماربکرێن، هەموو ئەمانەش لەڕوانگەی شارناسیەوە بە پێوەرەکانی بەشـاری دانـانی شوێنێك و بنەما سەرەکیەکانی دانراون، کە دواتر هەر قسەی زیاتریان لەسەر دەکرێت.

هـەرچی تایبەتیشــە بــە زاراوەکــانی شــار و ئــاوایی لــە فــەرموودەکانی (پێغەمبــەر)(ص)دا، ئــەوا لــە چەنــد فەرموودەیەکدا هاومانای ئەو وێنانەی کە قورئان وێنای کردوون لە شار و ئـاوایی و ئـاوەدانی هاتوونـە، نەخاسـمە بەدیاریکراویش ناوی چەنـدان شـار و گونـد و شـوێنی جـوگرافی لـە چەنـدان فـەرموودەدا هـاتووە، کـە لـە ڕوودا و مەبەستگەلی جیاوازدا ناویان هێنراوە، بەتایبەت لە ژیاننامە و ڕووداوەکانی تایبەت بە کۆچ و غەزا و سریەکانی و سوپا و کەتیبە و ئەو نوێنەرانـەی بـۆ شـوێنە جیاوازەکـان ئاڕاسـتەی کـردوون، زانینـی ئـەم زانیارانـەش بایـەخێکی گرنگی جوگرافی و سەربازی بایەخداریان لە ڕێژینـی (پێغەمبـەر)(ص)دا بینیـووە، کـە بەشـێك بـوون لـە هونـەری جەنگی و شارەزابوون لە هەڵبژاردنی گرنگترین ڕێگا و شوێن بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو[36]، لێکۆڵینەوەش لە لایەنی جوگرافی ڕێژین و ڕووداوەکانی سـەردەمی کلاسیکی ئیسلامی و دواتـریش خزمـەتێکی گـەورە بـە مێژوو دەکات، لە دەسنیشانکردنی شوێن و شیکارکردنی بەسەرهات و ڕووەکاندا[37].

بەهـەرحاڵ نـاو هێنـانی شـار و هاوێنـە و نزیکـەکانی کۆمـەڵی زانیـاری ئـاینی و سـەربازی و کـارگێڕی و کۆمەڵایـەتییان لـە خۆگرتـووە، کـە دواتـر لـە شـرۆڤەکردن و دارشـتنی پێوەرەکـانی شـار و شـارۆچکە و ئـاوایی و بنەماکانی جیاکردنەوەیان لەیەکتری سودیان لێوەرگیراوە، لەڕاستیدا هـەر ئـەو زانیاریانـە بوونـە بنەمایـەکی گرنـگ سەرەتا بۆ لێکدانەوە فیقهییەکان لە هەندێك بابەت، بۆ نموونە پێویستبوونی نوێژی هەینی لـەو شـوێنانەی کەمـەرجی ئەنجامـدانی تێدایـە، دواتـریش لەگـەڵ بـەرفراوانبوونی پرۆسـەی فتوحـات و سـنوری خیلافـەتی ئیسلامیشـدا، ئیدی پێویسـتی دروسـتکردنی شـاری نـوێ و دامـەزراوەکانی، بـە گەڕانـەوە بـۆ نـاوەڕۆکی فـەرموودەکان و بنـەماکانی بنیاتنانەوەی شاری (یثریب – مدینە)وەك یەکەم هەنگاوی سستەمی دەوڵەتداری و شارستانی لـەمێژووی ئیسـلامیدا پلانرێـژی بـۆ شـاری نـوێ کـرا، زۆرێکـیش لـە شـارەکان لەسـەر ئـەو پێـوەر و بنەمایانـە بـە تـەرزێکی نـوێ نۆژەنکرانەوە[38].

بەلێوربوونەوە و لێکدانەوەی ناوەڕۆکی ئەو ئایەت و فەرموودانـەی کـە لـەبارەی شـار و هاوشـێوەکانی هـاتوون، شەرعزان و زانایانی پێشین بۆ ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە مەڵبەندی ئاوەدانی و پێویستی کۆبوونەوەی دانیشتوان بـە پلـەی یەکـەم سـودیان لێـوەرگرتن، بـەجۆرێ لـە نـاوەڕۆکی ئەوانـەوە مـەرجی کۆبوونـەوەی موسـڵمانانیان بـۆ ئەنجامدانی نوێژی هەینی لە شوێنێك داناوە، کە ئاستی ئاوەدانی و ژمارەی دانیشتوان بگاتە ئاستێك کە شار (المدینة) هەژماربکرێت، هەر بۆیە لێکدانەوە و ڕاڤەی فیقهیش هەر لـەو مانایانـە نزیکـە، هـەر وەك لـە بابـەتی پێویسـتبوونی نـوێژی بــە کۆمــەڵی هــەینی (واتــا بــوونی دوانگە)تایبــەتکراوە لــە ( المدینــة) وەك لــە ڕاڤــەی فەرموودەیــەکی (پێغەمبـەر)(د.خ) هـاتووە، لـە بـوونی دەسـەڵات و ئیمـام و جێبـەجێکاری ئەحکامـەکان، مـەرجبوونی لـە (مصـر- شار)دا[39]، زیاتر لەوەش (الماوردي)(مردوو لە 450ك/ 1058ز) ڕای وایە کە ئەنجامدانی ڕێگـە پێـدراو دروسـت نابێت تەنها لەشوێنێك نەبێت کە هەروەك ئـەو دەڵێـت: (وطـن مجتمـع المنـازل) [40]، کـە مەبەسـت شـارە کـە شـوێنی کۆبوونـەی دانیشـتوانە[41]، ئـەو جـۆرە ڕاڤـە و شـیکردنەوانەش لەگـەڵ نـاوەڕۆکی لێکدانـەوەی مانـای زمانـەوانی و زاراوەیی شار یەکانگیرە و هاومەبەستن، بەلای (الامام ابو حنیفە)ش سەباری مەرجی شار، مەرجی دەسەڵات وەك پارێزەری سنورەکان و قاضی وەك جێبەجێکاری حوکمەکان داناوە، هـەروەك دەڵێـت: (تَخْتَصُّ الْجُمُعَةُ بِالْأَمْصَارِ[42]، وَلَا يَجُوزُ إقَامَتُهَا فِي الْقُرَى، وَاعْتُبِرَ الْمِصْرُ بِأَنْ يَكُونَ فِيهِ سُلْطَانٌ يُقِيمُ الْحُدُودَ و وَقَاضٍ يُنَفِّذُ الْأَحْكَامَ) [43]، بەرئـەنجامی ئەوەی بەکورتی لەمبارەیـەوە خراوەتـە ڕوو، بـە پشـت بەسـتن بەڕاڤـەی شـەرعزانان، دەتـوانین چەنـد پێوەرێـك لـە بنەماکانی شارە ئیسلامییەکان دیارییبکرێن، لەوانە:

- بوونی شوێنێك کە شاری لەسەر دروستدەکرێت.
- بوونی ژمارەیەك ماڵ و دامەزراوەی کۆمەڵایەتی.
- بوونی ڕێژەیەك لە دانیشتوانی نێشتەجێی و جێگیر.

- پێویستبوونی سستەم و دەسەڵاتێك.
- دەسەڵاتی دادوەری بۆ پاراستنی ئەحکامەکان.
- بوونی مزگەوتی (الجامع) یان دوانگە، کە ئاماژەیە بۆ لایەنی ئاواکاری قەرەباڵغی دانیشتوان.

لە مێژووی نوێشدا شارەزایانی بواری جوگرافیای شار ژمارە و قەبارەی دانیشتوانیان بەیەکێك لە بنەماکانی بەشاردانانی شوێنێك داناوە[44]، لەسەر ئەو بنەمایەش شاری گەورە و بچوکیان لە یەکدیکە جیاکردۆتەوە، ئەمەش هەمان ئەو پێوەرانەیە کە شارناسە موسڵمانەکان چەند سەدە پێشتر بە لایەنی کەم بنەمایان بۆ داناوە. بەتایبەتیش وەك خەسڵەتێکی شارە ئیسلامییەکان، بوونی دوانگە بەلای شارناس و وڵاتناسە موسڵمانەکانەوە گرنگیەکی زۆری هەبووە[45]، بەگشتیش لە پلانرێژی شارە ئیسلامییەکاندا مزگەوتی گەورە(مسجد الجامع) لە ناوەندی شار و نزیك بازار دروستکراوە، گرنگی ئەم بابەتە بۆ دانیشتوانی شار لەڕاستیدا لە ماهیەتی و پایەی ئایینی و کارگێڕی و قەزاییەکەی دابووە، نەك بەتەنها بوونێکی مادی و هەیکەلێکی روکەشی، چونکە بەپێی پرەنسیپەکانی ئایینی ئیسلام و سستەمی سیاسی و کارگێڕی ئیسلامی، سەرداری شار لە پراکتیزەکردنی دەسەڵاتەکانی و جێبەجێکردنی فەرمان و ئەحکامەکان بەرپرسی یەکەم بووە، هەرخۆی بەرپرسی پاراستنی دەستور و یاسا کارپێکراوەکان بووە، کە شار بەئاراستەی ئارامی و بەیەکەوە ژیان دادپەروەری کۆمەڵایەتی ئاراستە بکات[46]، هەر بۆیەشە سەرۆکی شار دەبێت خاوەنی ئاوەز و عەقڵی سەلیم بێت، زانا و تێگەیشتوو و نموونەی ڕەوشتی جوان بێت، بەمانایەکی دیکە هۆشیاترین و کامڵترین ئەندامی ئەو جەستەیە بێت، وەك دڵ بۆ لاشە[47]، لەڕاستیدا ئەو پێوەر و پرەنسیپانەش بە بەراود بە تێڕوانین و لێکدانەوەی شارناسان و شارەزایانی بواری جوگرافیای شار، بۆ بەشاردانانی هەر ئاوایی و شوێنێك زۆریکیان بە مەرج دانراون، کە بەشێکیان وەك پێویستی نامادی و بەشێکیشیان وەك پێویستیە مادییەکان هەژماردەکرێن.

لەڕاستیدا فراوانبوونی سنوری خانەی ئیسلام و موسڵمانبوونی ڕەگەزە ناعەرەبەکان، کردنەوەی دەرگای تێکەڵاوبوونی کەلتوری و بەرەبەرە گەشەکردنی لایەنی شارستانی و چەند هۆکار و پاڵنەرێکی دیکە، خواستی زانایانی موسڵمان چالاکانە لا لە زانستی جوگرافیاش بکەنەوە، نەك هەر ئەوەش بەڵکو لایەنێکی گرنگی زانستی بواری وڵاتناسی و شارناسی ڕێگەی لە بەردەم چەندان گەڕیدەدا کردەوە[48]، کە بۆ بەمەستگەلی جیاواز گەشتی دوورودرێژی وڵات و هەرێم و شارە دوورە دەستەکان بکەن، زانیاری گرنگ و پڕ بایەخی هەمجۆر لە دووتوێی گەشتنامەکانیاندا تۆماربکەن[49]، ئیدی بەئامانجی ناساندنی هەرێم و شار و دانیشتوان و داب و نەریت و دووری و کێشانە و پێوانە و داهات و بەرووبووم و چەندان زانیاری و لایەنی زیاتری وردی دیکە[50]، هەر لەسەدەی (3ك/9ز) بەدواوە وەك پێویستی سەردەم و نەریتێکی زانستیش زانا و گەڕیدەکانی گەشتی وڵاتانیان دەسپێکردووە[51]، کە بێگومان چ جای ئەوەی خزمەتێکی گەورەیان بە مێژوو و کەلتوری ئیسلامی کردووە، خەرمانێکی زانستی هەمەجۆریشیان لەسەر ئەو شار و وڵاتانەی سەردانیان کردوون تۆمارکردووە، ئەوە نەخاسمە بنەما و پرەنسیپی گرنگیان بۆ جیاکردنەوەی شار و شارۆچکە و هاوشێوەکانیان داناوە، بەمەش خزمەتێکی گەورەیان لە بواری گەشەکردنی مێژووی شارنشینی و زانستی جوگرافیای شار کردووە. ئەوەی لێرە جێی مەبەستە بەکورتی ئاماژەی بۆ بکرێت، دونیابینی و شرۆڤکاری ئەوانە بەسود وەرگرتن لە بنەما فیقهییەکان و کاروکردەوەی پێشینانی ئیسلام لەمەڕ دروستکردنی شار و شارۆچکەکان و ئەو مەرج و لایەنە ئاواکارییانەی تێیاندا ئەنجام دراوە، کە لەگەڵ ئەو بزافە شارستانییەی لە قۆناغەکانی دواتردا موسڵمانان پێیگەیشتن، بە سود وەرگرتن لەئەزموونی نەتەوە موسڵمانە ناعەرەبەکان و پێشینەی مێژووی شارنشینی و تێکەڵکردنیان بە شارستانی ئیسلامی، توانیان تەرز و بنەمای نوێیان لێهەڵبینجن و کۆمەڵێ پێوەر بۆ شارەکان دابنێن، لەسەر ئەو بنەمایانەش ئەوان سەرباری جیاوازی لەتێڕوانین و ناوهێنانی چەمك و زاراوە کارگێڕییەکان، بەڵام ڕۆڵێکی گرنگیان لە گەشەکردنی بزافی شارنشینی و زانستی

جوگرافیای شاردا بینیووە، بەتایبەت تێڕوانینیان بۆ پێناسەکردنی شار و باژێر و شارۆچکە و ئاواییەکان، بۆ نموونە لەمبارەیەوە تێڕوانینی (المقدسي) لە دیارترینی ئەو گەڕیدە و وڵاتناسانە دانراوە[52]، کە لەمبارەیەوە لە دووتوێی سەرچاوەکەیدا زانیاری گرنگی خستۆتە ڕوو، هەر وەك توێژەرێك ڕاڤەی تێگەیشتن و لێکدانەوەی ئەوی بە پشت بەستن بە دەربڕینەکانی بەسەر چوار ڕەهەندا پۆلێن کردووە، کەبریتین لە ڕەهەندی ( جوگرافی، فیقهیی، عەوام، زمانەوانەکان) [53]، بەمشێوەیە خوارەوە:

یەکەم: ڕەهەندی جوگرافی، کە هەروەك دەڵێت: (أعلم أنا جعلنا الأمصار كالملوك والقصبات كالحجاب والمدن كالجند والقرى كالرجالة... واما نحن فجعلنا المصر كل بلد حله السلطان الأعظم وجمعت اليه الدواوين وقلدت منه الأعمال وأضيف اليه مدن الإقليم مثل دمشق والقيروان وشيراز) [54] ، هەروەك شارەکان بە پاشاکان و شارۆچکەکان بە حاجب و شارەدێیەکان بە سەرباز و گوندەکان بە پیاوەکان چواندووە**...**شاری هەر وڵاتێك واتا مەڵبەندی – قصبة- بە ناوەندی دەسەڵات و شوێنی نیشتەجێبوونی دەسەڵاتدار داناوە، کە داموودەزگاکانی –دیوانەکان- تێدا کۆکراوەتەوە و کاروبارە کارگێڕییەکانی هەرێمەکەی تێدا ڕایکراوە، بەو مانایەی لەم ڕوانگەیەوە مەرج و پێوەرەکانی شاری بە قەرەباڵغی و ناوەندی دەسەڵات و بوونی بەرپرسی شار و داموودەزگا کارگێڕیەکانی بەستۆتەوە، کە بێگومان هەر شارێکیش بگاتە ئاستی ئەوەی بە شار هەژماربکرێت و ڕووبەرێکی جوگرافی و ژمارەی دانیشتوان گونجاوی هەبێت، پێویستی بە بەرپرس – صاحب المدينة- دامودەزگای کارگێڕی و ئایینی و زانستی و کۆمەڵایەتی جۆربەجۆر هەیە، لەڕاستیدا هەر ئەمانەش بە پێی بەشێك لە لێکدانەوە جوگرافییە نوێیەکان و جوگرافیای شار، بە مەرج و پێوەرەکانی بە شاردانان هەژمارکراون[55].

دووەم: ڕەهەندی فیقهی، کە ڕا و بۆچونیان لەسەر مانای شار جیاوازە، لەڕوانگەی ئەوانەوە شار وا ناسێنراوە، کە ( كل بلد جامع يقام فيه الحدود و يحله أمير و يقوم و بنفقته و يجمع رستاقه) [56]، لەم ڕوانگەیەشەوە پێوەرەکانی شار بە بنەمای ئایینی و بوونی پارێزەری ئەحکام و سنورەکان و شارۆکەیە، بوونی ئەمیریش بۆ پارێزگاری لە یاسا و پاراستنی بەرژەوەندییەکان و شار و دەوروبەری بەمەجگیراوە، واتا ئەو شوێنەی بە شار هەژماردەکرێت، پێویستی بە بوونی مزگەوتی –جامع- بوونی دەسەڵات و ئیمام و جێبەجێکاری ئەحکامەکانە، کەئەمەش لە بنەما فیقهییەکان وەرگیراوە و ڕای شەرعزانەکانی پێشینە[57].

ڕەهەندی سێیەم: لەڕوانگەی بۆچوون و دونیا بینی عەوامەوە، کە پێیان وایە( والمصر عند العوام كل بلد جليل) [58]، لێرەشدا قەبارە بەمانا گشتییەکەی بە هەند وەرگیراوە، ئاماژەی لەمجۆرەش هەنە، کە وڵاتناس و شارانگەڕاوان لە میانەی گەشت و سەردانیکردنی شارەکان وەسفی شارەکانیان پێکردوون، بۆ نموونە ( مدينة حلوان مدينة جليلة كبيرة) یاخود (همذان بلد واسع جليل القدر كثير الأقاليم والكور) [59]، ئەوەی تایبەتیشە چوارەم ڕەهەند، کە لێکدانەوەی زمانەوانییە، ئەوا بەمشێوەیە گوزارشتیان لێکردووە ( المصر كل ما حجز بين حدين) [60]، کە تاڕادەیەك لە بۆچوونی عەوام نزیکە و هەرشوێنێك سنورێکی دیاریکراو هەبێت، بەو خەسڵەتانەی کەباژێڕیك هەیەتی دەشێ بەشار ناودێر بکرێت.

بەگشتی ئەگەر سەرنج لە دیدگای شارناس و وڵاتناس و جوگرافی ناسانی موسڵمان بدرێت، سەرباری جیاوازی بۆچوونیان لەسەر مانا و پێوەرەکانیان بۆ بە شاردانانی شوێنێك و لێکدانەوەیان بۆ زاراوەکانی لە نموونەی ( مصر و بلدة و بليد و بليدة و بلد و المدينة و القصبة و رساتيق و الاقليم و تسوج و ) [61]، بەڵام بەکورتی دەکرێت پوختە بۆچوونەکانیان لەبارەی پێوەرەکانی شارەوە بەمشێوەیە بخرێتە ڕوو لەوانە:

- بوونی دوانگە.
- شوێنی جێگیربوونی ئەمیر.
- جیبەجێکاری ئەحکامەکان.

- سەرچاوەی داهات و کۆکردنەوەی پیتاك –ماڵیات-.
- بوونی داموودەزگای کارگێڕی و دیوانەکان.
- ڕێکخستن و بەیەکەوە بەستنەوەی ناوچەکانی دەوروبەری شار.
- بوونی قایمگە و قەڵا.
- ئەمانە و چەند لێکدانەوە و بۆچوونێکی دیکە[62].

دیارە لەسەر ئەو بنەما و پرەنسیپانەش لەڕووی قەبارە و ڕووبەر و ژمارەی دانیشتوان و بوونی دامەزراوە کارگێڕی و زانستی و کۆمەڵایەتییەکانیش، شاری گەورە و مامناوەند و بچوکیش لەیەکتری جیاکراونەتەوە، بۆ نموونە (یاقوت الحموي) یەکێکە لەوانەی تێیگەی (شارنشینی و شارۆچکە) یان شاری گەورە و بچوکی بەپێی قەبارە یاخود ئەو پێوەرانەی ئاماژەیان بۆ کرا بەکارهێناوە، بەپێی قەبارەیان هەر وەك ئاماژەی کردووە، کە (کورەی وەك ئوستان داناوە، هەر ئوستانێك لە چەند قصبة یان المدینة پێکهاتووە، ئینجا رساتیق لە چەند طسوج و طسوجیش لە چەند گوندێك) پێکدێت[63]، لەڕاستیشدا شارەکان وەك یەك نەبوون و ئاست و ژمارەی دانیشتوان و قەبارە و ڕووبەری کارگێری یاخود بەمانایەکی هەرێمی شار لەیەکتری جیاوازببون، ئەوەی تێبینی دەکرێت زیاترلەسەر بنەمای قەبارە و سروشت و جۆری پەیوەنی کۆمەڵایەتی و شێوەی ژیانی ئابووری لێك جیاکرابنەوە، بۆیەشە وڵاتناسان لە میانەی سەردانی کردنی هەر شارێك و بەپێی بەدواداچوون و ئەوەی پێگەیشتوون ئاماژەیان بەوە کردووە، کە بۆ نموونە شارێکی گەورەیە و هەرێم و کورەی زۆربووە، پانتایەکی فراوانی هەبووە، هەروەك(الیعقوبي) دەربارەی (همدان) گوتوویەتی: (همذان بلد واسع جلیل القدر کثیر الأقالیم والکور) [64]، بە چەندان دەربڕینی تر گوزارشتیان لێکردوون[65].

بەشێکی لێکدانەوەکانیش بە پێویستیە مادی و کۆمەڵایەتییەکان دانراون، کە تەنانەت لە هەڵبژاردنی شوێن و پێگەی شاردا پێویستبووە لەبەرچاو بگیرێن، لەمبارەیشەوە (ابن ابي الربیع)(مردوو لە 272ك/ 885ز)کۆمەڵێك بنەمای مادی و کۆمەڵایەتی بۆ هەڵبژاردنی شوێنی شار داناوە، نەخاسمە بەمەرجیشی لەسەر مەلیك و دەسەڵاتداری شار داناوە، کە هەشت ئەرك بەرامبەر بە دانیشتوان لەئەستۆ بگرێت و جێبەجێیان بکات[66]، بەو سروشتە کۆمەڵایەتییەی کە (خوای گەورە) بە مرۆڤی بەخشیووە، پێویستی و گیانی هاوکاری وایان لێدەکات لە شوێنێك کۆیانبکاتەوە، هەندێکیان بۆ هەندێکیان دەبنە یارمەتیدەر بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانیان، پێویستە مەلیکیش دەستەبەری ئارامی پارێزەری یاسا و ڕێوشوێنەکان بکات[67]، هەروەك (القزویني)یش ئاماژەی کردووە کە مرۆڤ بە بێ پێویستیە مادییەکان ناتوانێت درێژە بە ژیان بدات، بە تەنهاش ناتوانێت تەواوی پێویستیەکانی دابین بکات، هەر لە خۆپاراستنی لە مەترسیەکان و سەرما و گەرما و پەیداکردنی بژێوی، بۆیە پێویستی بە دەسەڵاتێك هەیە، کە پەناگە و شورە و ئارامگەیەکی بۆ دابینبکات، خەڵکیش هەندێکیان پێویستیەکانی هەندێکیان پڕ دەکەنەوە، هەریەکەشیان پێویستیان بە بەرهەمی ئەویتریان، لەسەر ئەو بنەمایە و بە لەبەرچاوگرتنی چەند مەرجێك حاکم و فەرمانڕەواکان شارەکانیان ئاواکردوون[68].

دیارە هەر لەبەر هۆکاری پێویستی مرۆڤ بە تێرکردنی پێویستیەکانی و یارمەتی بۆ پارێزگاری و داکۆکی لە خۆ کردنی و دورخستنەوەی مەترسیەکان، کە کۆمەڵبونی مرۆڤ بە هاوتای شارستانی بزانرێت، شارستانی و ئاوەدانی و بیناکاریش بەبێ کۆمەڵی مرۆڤ دەستەبەر نابێت، هەر وەك چۆن (ابن خلدون)یش دەوڵەت و فەرمانڕەوایی لە بەرامبەر ئاوەدانی وەك شێوە بۆ مادە داناوە، کە لە شێوەی خۆیدا وەك پاسەوانە بۆ بوونی مادە، جیابوونەوەی ئەم دووانەش لە یەکتری نەگونجاوە، واتا دەوڵەت بەبێ ئاوەدانی وێنا ناکرێت و بەدی نایەت، دەبێ دەسەڵاتێك هەبێ پارێزگاری لە ئاوەدانی بکات، کە ئەمەش لە ڕێگای شەریعەت و دەوڵەتدارییەوە جێبەجێدەکرێت[69]، ئیدی بوونی دامەزراوە و ئاواکارییە کارگێڕی و سەربازی و کۆمەڵایەتییەکان لە شاردا، وەك مەرج و پێویستی

ژیانی شارستانی سەیردەکرێن[70]، بەمەش شار وەك ناوەندێکی کۆمەڵایەتی و شارستانی کۆمەڵێ وەزیفەی کەوتۆتە سەرشان یاخود کۆمەڵێ وەزیفەی بینیووە.

ئەو ڕاڤانەش کۆمەڵێ بنەماو مەرجیان لە پێکهاتەی مادی و کۆمەڵایەتی بۆ شار داناوە، بۆ سەرپەرشتیکردن کاروبار و ڕێکخستنی ژیانی رۆژانەی تاکەکان یان شارنشینان، کە بێگومان ئەمانەش بە بێ دامەزراوە و دەزگایانێك و پیشە و پیشەکاری و خەڵکی هەمەکارە نایەنە دی، مرۆڤیش وەك کائینێکی کۆمەڵایەتی بە بێ هاوکاری و پشتیوانی ئەوانی دی ناتوانێت پێویستیەکانی فەراهەم بکات، هەندێکیان پێویستیان بە هەندێکی دیکەیان هەیە[71]، ئەمەش خەسڵەتێکی مەدەنی بە مرۆڤ بەخشیووە. ڕای واش هەیە کە شار بە وێنەی ئەندامێکی زیندووی کۆمەڵایەتی وێناکردووە، یاخود جەستەیەك کە ئەندامەکانی تەواوبن، کە هەر ئەندامێکی بۆ مانەوە و بەردەوامبوونی جەستەکە بە باشی کار بکات و ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات، کە جۆراوجۆرن و هەریەکەشیان ئەرکێك ڕایدەکات، هەندێکیان بە سروشت لە هەندێکیان باشترن و باشترین ئەندام و سەرۆکیشیان دڵە، ئەندامەکانی دیکەش لە بارەی پلەوە جیاوازن، کە هەریەکەیان هێز و کاریگەری و دەست و پێوەندی خۆی هەیە، بەڵام هەموویان لە ژێر فەرمانی دڵ دان و وەشوێن و ئامانجی ئەو دەکەون، ئیدی ئەو کامڵترین و هۆشیارترین ئەندامی جەستەکەیە، هەروەك پێکهاتەی جەستەی مرۆڤ کە لەچەندان ئەندام پێکهاتووە و سەرەکترین و گرنگترینیان دڵە، بەمەش سستەمی مرۆڤی لەگەڵ سستەمی کۆمەڵگەدا بەراورد کردووە، بەم پێیەش سەرۆکی شار دەبێت هەڵگری چەند خەسڵەت و تایبەتمەندییەك بێت، کە لە ئەندامەکانی دیکە جیای بکاتەوە، بتوانێ وەك دڵ لە جەستەی مرۆڤدا کار بکات، بەجۆرێك لە جێگەی عەقڵی چالاك و یەکەم بێت[72]، دیارە کە شاریش شوێنی نیشتەجێبوونی سروشتی مرۆڤی خاوەن ژیارە، بە تەنهاش لە مرۆڤەکان و پێداویستیە کۆمەڵایەتییەکان و مادییەکان پێکنەهاتووە، بەڵکو کەوشەن و ناوچەیەکی دەروونی پێکدێنێ، کە بریتییە لە کۆمەڵێك ڕێ و شوێنە کردەییەکان، کەواتا شار خاوەنی دوو لایەنە، لایەنی قەوارەیی و لایەنی چییەتی مرۆڤ، لەو رووەوە کە ڕەنگدانەوەی هزری ڕێکخراوە لە ناوچەیەکی کەلتوری فەزاییدا، چییەتی مرۆڤیش لەگەڵ یاسای تایبەت بەخۆی هاورێ دەبێت[73].

ئەو لایەنەش کە پەیوەندی بە هزری ئاواکارییەوە هەیە، وەك لایەنێکی شارستانی مادی، کە خەسڵەتێکی گرنگ و لایەنێکی درەوشاوەی ناساندنی شارستانیەتەکانە، لە ناویشیاندا شارستانی ئیسلامی ئەوەی لە کەلتور و کەلەپوری ئەو شارستانیەتە بەجێماوە، ئەوە دەسەلمێنێت کە پەیوەندییەکی بەهێزلە نێوان هزر و بیری ئایینی و بواری پراکتیکی دەسەڵاتی کرداریدا هەبووە، واتا دەق و تێکستە ئاینیەکان بوونە بنەما و بزوێنەری داهێنان و ژیانی شارستانی و مەدەنی کۆمەڵگا بەگشت بوارە جیاوازەکانیەوە، کەمیش نین ئەو دانراوانەی کە لەبارەی داهێنان و بایەخدان بەلایەنی ئاواکاری دانراون و دەسەڵاتی سیاسیشیان لەسەر ئەداکردنیان هانداوە، بەتایبەت لە سەدەی (3ك/ 9ز)بەدواوە. لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە شارستانیانەی بەسەر لایەنی شارستانی و بزافی زانستی و ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی موسڵماندا هاتوون، بەرفراوانبوونی بواری کارگێری و سەرهەڵدانی دیوان و دامودەزگای نوێ و زیادبوونی جموجۆڵی بازرگانی و گەورەبوونی قەبارەی شارەکان و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، وەك گەشەی هزری و پێویستیەکی سەردەم بە سود وەرگرتن لە تێکست و ڕاڤەی شارستانیانە زانایان کتێبگەلێکیان دانان، کە بەگشتی هێما و ڕێنوێنیکار بوون بۆ خەلیفە و لێپرسراوانی دەوڵەت هەست بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بارودۆخی نوێ بکەن، لە شێوەی کۆمەڵێ ئامۆژگاری و زانیاری خرانە ڕوو، بەمەش بەشێکیان بوونە بنەمایەکی گرنگ بە لاکردنەوەی زیاتر بەئاڕاستەی فراوانکردنی لایەنی ئاواکاری و بینای دامەزراوە و دروستکردنی دامەزراوە خزمەتگوزاری و کۆمەڵاتییەکان و بایەخدان بە داوەری کۆمەڵایەتی، کە بەشێکیان وەك پلانی شار و پێویستییە مادی و نامادییەکانی خراونە ڕوو[74]، کە ئەمانەش بە مەرجی بەردەوامبوونی سەڵتەنەت و عمران زانراون[75]، بە یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی سستەمی

سیاسی و مەملەکەت دانراوە[76]، ئەمجۆرە دانراوانەش زۆرن، کە لەبواری عمران و سیاسەت و کارگێری و شارستانیەوە دانران[77].

ئەوی لەمبارەیەشەوە تێبینی دەکرێت مەرجی دەوڵەتداری و بەردەوامبوونی بە بەردەوامبوون لەسەر پرۆژەی ئاواکاری بەستراوەتەوە، بە جۆرێك بە روکنێکی گرنگی ئەرکەکانی فەرمانڕەوا دانراوە[78]، زیاتر لەوەش پایەداربوونی دەسەڵاتی فەرمانڕەواش بە هێزی سەربازی و هێز بەماڵ و ماڵ بە ئاواکاریەوە گرێدراون[79]، ئەمەش مانای پێویستبوونی دەسەڵاتی سیاسی بۆ ژیانی مرۆ دەردەخات، مانەوە و بەردەوابوونیشی بە هێزی سەربازی گرێدراوە، کە بێگومان ئەمەش پێویستی بە تێچوو و ماڵ هەیە، سەرچاوەیەکی سەرەکی پەیداکردنی ماڵیش پەیوەندی بە سیاسەتی ئاواکاری و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەوەهەیە، کە دەسەڵات خەمخۆر و جێبەجێکاریەتی دەبێت ئەو زەمینەیە برەخسێنێ، لەرێگەشیەوە ئیش و کەسابەت بۆ خاوەن پیشەکان و دەستکار و دەسترەنگینان دەرەخسێت و وڵات دەبوژێتەوە و سوڵتانیش لە رێگەی باج وماڵیاتەوە داهاتی دەستدەکەوێت، کە بۆ پارێزگاری لەخۆی و وڵات بەکاری دەهێنێت، بۆیە وەستان و کۆتایی ئاواکاری بەمانای بەرەوکزبوون و کۆتایی دەسەڵات و کزبوونی گیانی بەرگریش لای هێزی سەربازی لەهزری ئایینیدا لێکدراوەتەوە.

لەبەرئەوە دەسەڵات و ئاواکاری و ژیانی ئاوەدانی و پێشکەوتن بە دوو دوانەی بەیەکەوە گرێدراو دانراون، تەمەنیان بەیەکەوە بەستراوەتەوە، بەو مانایەی هەرکاتێك دەسەڵاتی سیاسی یان دەوڵەت پشتی لە کاری ئاواکاری و ئاوەدانکردنەوە کرد، ئەوە سەرەتای نیشانەکانی بەرەو کۆتایی چونی دەسەڵاتیەتی، ئەگەر تەمەنی فەرمانڕەوا درێژبێت ئەوا گوند و شار و شارۆچکەکان خانوو و کۆشك و دوکان و بازاڕی جۆراوجۆر دروستدەکرێت[80]، هەرچەندە مەرجیش نییە ماوەی درێژی فەرمانڕەوایی بەتەنها مەرجی سەرەکی بوژانەوەی ڕەهەندە شارستانییەکان بێت، بەڵکو ئەمەش لەسەر کۆمەڵێك بنەما و هۆکاری دیکە وەستاوە، لە نموونەی سیاسەتی فەرمانڕەوا و بارودۆخی سەربازی و ئابووری و ئاستی گەشەی شارستانی و جڤاکی کۆمەڵگاش ڕۆڵ دەبینێت. لەوەی کە بەکورتی خراڕوو، بەلێکدانەوە و پشت بەستن بە بۆچون و شرۆڤەی توێژەرانی مێژووی شارستانی ئیسلامی، دەتوانین لەبارەی شار و پێوەر و بنەماکانی ئاماژە بەوە بکەین، کە شار وەك شوێنێکی جوگرافی دیاریکراو، وەك ناوەندێکی ئاوەدانی توانای لەخۆکۆکردنەوەی ژمارەیەکی لە دانیشتوان هەیە، ئیدی مادام شوێنی کۆبۆنەوەی خەڵکی ئاست و توێژی جیاوازە، پێویستی ژیان و بژێوی و ڕایکردنی ئیش و کارەکانیان دەخوازێت کۆمەڵێ دامەزراوە و دەزگای سیاسی و کارگێری و سەربازی و ئایینی و کۆمەڵایەتی هەبێت، بێگومان بەڕێوەبردنی ئەمانەش پێویستی بە کەسانی شارەزا و زانا و بەرپرس و خەڵکی هەمەکارە هەبووە، هەموو ئەمانەش شار دەکەن بە ناوندێکی شارستانی خاوەن سستەم و دامەزراوە، کە لەرێگەی سەرداری شارەوە بەڕێوە دەبرێت و یاسا شەرعیەکانیش جێبەجێ دەکرێن، بوونی دەسەڵاتی دادوەریش پارێزگاری لە سەروەریان و ئەحکامەکان دەکات، هەموو ئەمانەش بە پشت بەستن بە شرۆڤە و ڕاڤەی شەرعزان و شرۆڤەکارنی قورئان و فەرموودەکان تایبەت بەو دەق و تێکستانەی کە لەبارەی شار و ئاوەدانی ژیانی ئاواکاری و بنەماکانی هاتوون وەرگیراون، بە مانایەکی دیکە سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام و ئەزموونی پێشینانی ئیسلام بوونە هەوێنی داهێنان و گەشە پێدانی سستەمی شارنشینی، بە تایبەتیش ئەمە لە گەشەکردنی شارە ئیسلامیەکان لە قۆناغەکانی دواتر پراکتیزە کراوە، چ جای دروستکردنی شاری نوێ و بایەخدان بە لایەنی ئاوەدانی و دروستکردنی دەیان دامەزراوەی ئایینی و زانستی و کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر، لە نموونەی (مزگەوت و تەکیە و خانەقا و زاویا و قوتابخانە و بیمارستن و کتێبخانە و دووکان و بازاڕ و خان و )، کەئەمانەش دیمەنێکی شارستانی گەورەیان بەشارەکان بەخشیوە و سیمای ئاوەدانی و شارستانی ئیسلامی بوون، کە داهێنانی زۆریان تێداکراو تەرز و ستایلی جۆربەجۆریان بەخۆوە بینیووە، کە بێگومان پێکهاتە و ڕەگەزە جیاوازەکانی سنوری خانەی ئیسلام لە پێشکەوتن و ئەو داهێنانانەدا رۆڵیان بینیووە و بەرهەمی کۆی پێکهاتەکانە.

ئیدی شار لە دیدگای شارناسانی موسڵمانەوە بەو ئەرك و وەزیفە جۆربەجۆرانەی کە بەرامبەر دانیشتوانی لە ئەستۆی دابووە پێناسەکراوە و ناسێنراوە، هەر بۆیەشە بەو پێودانگەوە بەشار هەژمارکردن و نەکردنی شوێنێك بەو پێوەرانەوە بەستراوەتەوە، هەرچەندە ئاست و بەرپرسیاریەتی شارەکان لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە و لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە جیاوازبووە، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەو قۆناغە بەیەکێك لە قۆناغە گرنگەکانی گەشەکردنی مێژوویانەی سستەمی شارنشینی و جوگرافیای شارەکان دادەنرێت، کە شارناسا و وڵاتناسا و جوگرافی زانانی موسڵمان لەم نێوەندا ڕۆڵی مێژوویانەی گرنگیان گێڕاوە، بەمەش خزمەتێکی فرە ڕەهەندیان بە بزافی شارنشینی و شارستانی مرۆڤایەتی کردووە.

**ئەنجام/**

**1-** شار و شارنشینی مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەتەنها بە سەردەمی خیلافەتی ئیسلامیەوە پەیوەست نییە، بەڵام ئەم قۆناغە بەیەکێك لە قۆناغە گرنگەکانی گەشەکردنی مێژوویانەی شار و سستەمی شارنشینی دادەنرێت، کە بێگومان زانایان و شارناسە موسڵمانەکان رۆڵی گرنگیان لە پێشخستنیدا بینیووە.

2- وەك هەر چەمکێکی دیکە شاریش لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کراوە، کە بەسەرنجدان لە ناوەرۆك و مانای لێکدانەوەکان لەگەڵ بنەما و پێویستیەکانی شار دێنەوە، لە بنەما مادی و نامادییەکانی کە بۆ دروستکردن و گەشەکردنی شار پێویستن.

3- ئەوەی لە مێژوو و هزری ئیسلامیدا تێبینی کرا، فراوانی دونیابینی زانایانی موسڵمانە بۆ راڤەکردنی و لێکدانەوەی جیاوازی بنەماکانی بەشاردانانی شوێنێك، کە زیاتر لە چوارچێوەی دەقەکان و پێویستییەکانی سەردەم گونجاو بوون، ئەمەش دوربینی و شارەزایی ئەوان دەسەلمێنیت لەمەڕ ژیانی شارستانی و مەدەنی.

4- بەو بنەمایانەش کە دیاریکراون بۆ شار و شارۆچکەکان، بەشێکی زۆری هەر ئەوانەن کە زانستی جوگرافیای شاردا ئەمڕۆ بوونە پرەنسیپی بەشاردانان، بەمەش موسڵمانان چ جای خزمەتێکی زۆری بوارەکە بەشداریشیان لەگەشەکردنی مێژوویانەی بزافی شارنشینی کردووە.

5- بەو چەمك و ناوی شوێن و شار و شوێنانەش کە لە دوو سەرچاوە سەرەکییەکەی ئیسلامدا هاتوون، سەرباری ئاماژەکردنی بە ڕووداوگەلی جیاواز، ئاستی بایەخ و گرنگی پێدانی ئیسلام دەردەخەن، بە ژیانی نیشتەجێبوون و شار و ئاستی بایەخدان بە لایەنی ئاواکاری و شارستانی ژیانی کۆمەڵایەتی دانیشتوان بەگشتی، هەربۆیە بوونە هەوێنی داهێنان و پێشکەوتنی ژیانی شارستانی.

## پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان:

[1] وليد جادر، التجمعات الزراعية الأولى، المدينة و الحياة المدنية، ج1، ص64؛ فاروق ناصر الراوي، اقتصاد المدينة العراقية القديمة، المدينة و الحياة المدنية، ج1، ص237.

[2] تقي الدباغ، من القرية الى المدينة الأولى، المدينة و الحياة المدنية، ج1، ص 17.

[3] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پێناسە و بنەماکانی ناساندنی شار بە نموونە بڕوانە: كايد عثمان ابو صبحة، جغرافية المدن، دار وائل، ط1، (د.م: 2003)، ص38؛ عادل عبدالله خطاب، جغرافية المدن، وزارة التعليم العالي، (بغداد: 1990م)، ص 9.

[4] ابن المنظور، لسان العرب، دار صادر، ط3، (بيروت: 1414 هـ)، ج 13، ص402.

[5] فيروز آبادي، القاموس المحط، مؤسسة الرسالة، الطبعة الثامنة، (بيروت: 2005)، ص1233.

[6] الزبيدي، تاج العروس، دار الهداية، (القاهرة: د.ت)، ج 35، ص55.

[7] سەرباری ڕاڤەی بە غَيْرَ مُصَدِّقِينَ وَعَنْ مُجَاهِدٍ: {غَيْرَ مَدِينِينَ} غَيْرَ مُوقِنِينَ. بڕوانە: ابن كثر، تفسير القرآن العظيم، المحقق: سامي بن محمد، دار الطيبة، ط2، 1999م، ج7، ص548.

[8] محمد عبدالستار عثمان، المدينة الاسلامية، عالم المعرفة، ( كويت: 1988م)، ص16.

[9] فيروز ابادي، القاموس المحط، ص123؛ الزبيدي، تاج العروس، ج 35، ص55.

[10] سامي عبدالله المغلوث، اطلس الاماكن في القرآن الكريم، مكتبة العبيكان، (الرياض: 2015م)، ص158؛ صبري فارس الهيتي و حسن صالح، جغرافية المدن، مكتبة دار الكتب، (الموصل: 1986م)، ص23.

[11] سامي عبدالله المغلوث، اطلس الاماكن في القرآن الكريم، ص158؛شوقي ابو خليل، أطلس القرآن، ص133، ص169، ص175.

[12] ڕەسوڵ ڕەبانی، کۆمەڵناسی شار، و.چەکۆ ئەحمەد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ( هەولێر: 2013ز)، ل 19.

[13] عبدالجبار ناجي، دراسات في تاريخ المدن العربيه الاسلامية، شركة المطبوعات، (بيروت: 2001م)، ص 17.

[14] الفارابي، اهل أراء المدينة الفاضلة، قدم وعلق عليه البير نصري، دار المشرق، الطبعة الثانية، (بيروت: 1986م)، ص117-118.

[15] عەبدوڵڵا غەفور، شارنشینی لەباشوری کوردستان، ئەکادیمیای کوردی، (هەولێر: 2017ز)، ل17-18.

[16] عبدالجبار ناجي، دراسات في تاريخ المدن، ص19.

[17] صبري فارس الهيتي، جغرافية المدن، ص16؛ عرب دعكور، تاريخ المجتمع الريفي و المدني، دار المواسم، ط2، ( 2004م)، ص 54.

[18] بۆزانیاری لەمبارەیەوە بڕوانە: عاتق بن غيث بن زوير، سامي عبدالله المغلوث، اطلس القرآن الكريم، ص 9 ومابعد؛ معجم المعالم الجغرافية في السيرة النبوية دار مكة للنشر والتوزيع، ، الطبعة الأولى،( مكة المكرمة: 1982)، ص 13؛ محمد بن محمد حسن شراب، المعالم الأثيرة في السنة والسيرة، دار القلم، الدار الشامية - دمشق- بيروت الطبعة الأولى ، 1411ه، ص 15.

[19] ( فيرعەون بە ساحیرەکانی وت بەرلەوەی ئیزن و بدەم ئێوە چۆن بڕواو بە موسى هێنا ئێوە ويستووتانە لەم شارەدا فێڵێك بكەن تا خەڵکەکەی لێوەدەرنێن لە دواييدا دەزانن)، الطبري، جامع البيان في تأويل القران، المحقيق احمد محمد شاكر، مؤسسة الرسالة، (د.م. 2000)، ج 13، ص33؛ هەژار، قورئانی پیرۆز، ل165.

[20] ( يەكێك بەم دراوە بنێرنە شار با خواردەمەنیەکی پاك بینێ، ئەو شارەی كە ڕایانكرد لێی، بەڵام بە ورياييی بجوڵێتەوە هيچ كەسێك پێتان نەزانێت)، الطبري، جامع البيان، ج 17، ص627؛ هەژار، قورئانی پیرۆز، ل295.

[21] هەروەها بڕوانە ئایەتەکانی ژمارە ( 18 و 20) هەمان سورەت.

[22] كە مەبەست لە بەشێك لە دووڕوو خەڵكە خراپەخوازەکەی شاری مەدینەیە، كە ئارەزوومەندی بڵاوكردنەوەی خراپەكارين و غەرەزی گەندەڵی و نفاق لەدڵیاندا هەیە. الطبري، جامع البيان، ج 20، ص327.

[23] بۆ نموونە ئایەتەکانی دیکە بڕوانە: (التوبة/101، 120)(الاحزان/60)(المنافقون/ 8)(النمل/ 48)( القصص/15-18-20)(يس/20)(الحجر/67)؛ سامي عبدالله، أطلس الاماكن في القران الكريم، ص158-161؛ شوقي ابو خليل، أطلس القرآن، ص133، 147، 166.

[24] الرازي، مختار الصحاح، ص254؛ الزبيدي، تاج العروس، ج4، ص43.

[25] سامي عبدالله المغلوث، أطلس الاماكن في القرآن الكريم، ص136.

[26] ( هەروا تاوانكارانی هەر ئاواییەكمان كردۆتە خاوەن دەسەڵات، تا لەوێدا خەڵك فریودەدەن، لەڕاستیشدا هەر فێڵ لە خۆیان دەكەن و هەست پێناكەن). الطبري، جامع البيان، ج12، ص93؛ هەژار، قورئانی پیرۆز، ل143.
[27] (گرەگرەكانی هۆزی كە لە خۆیان بایی ببون، گوتیان شوعەیب ئێمە تۆش و ئەو كەسانەش وەك تۆ باوەڕیان هێناوە لە شاری خۆمان دەردەكەین، یان دێنەوە سەر دینی مە ئەگەر حەزیش نەكەین).هەژار، تەفسیری قورئانی پیرۆز، ل162.
[28] ( بۆچی هیچ شارێك نەبوو كە خەڵكەكەی بڕوا بێنن تا ئەو دەمەی كە بڕواكەیان بەهرەیان پێبگەیەنێت، بێژگە لە هۆزەكەی یونس كە كاتێ بڕوایان هێنا ئازاری ئابرۆبەرمان لەسەر دونیا لێ لادان و وانكرد كە هەتا ماوەیەك خۆش ڕابوێرن). هەژار، تەفسیری قورئانی پیرۆز، ل220.
[29] سامي عبدالله المغلوث، أطلس الاماكن في القران الكريم، ص131-132.
[30] ( هەر پێغەمبەرێكمان بۆ ئاواییەك ناردبێت بەناخۆشی و نارەحەتی لە برسیەتی و نەخۆشی تاقیمان كردوونەوە تا بە ملكەچی بپاڕێنەوە). ابن كثير، تفسير ابن كثير، ج3، ص449.
[31] عبدالجبار ناجي، دراسات في تاريخ المدن، ص64.
[32] ( زۆر باژێری دیكە هەبوون، لە خەڵكی شارەكەی تۆ – مەبەست مەككە یە- بەهیزتربوون، كە تۆیان لێوەدەرنا، لەناومانبردوون و كەسیش دەهانایان نەهاتووە). ابن كثير، تفسير ابن كثير، ج7، ص311.
[33] بۆ نموونەی زیاتر بڕوانە: عبدالجبار ناجي، دراسات في تاريخ المدن، ص63-64.
[34] ابن كثير، تفسير ابن كثير، ج7، ص311.
[35] ابن كثير، تفسير ابن كثير، ج6، ص568؛ شوقي ابو خليل، أطلس القرآن، ص133.
[36] عاتق بن غيث الحربي، معجم معالم الجغرافية في السيرة النبوية، ص 7-8.
[37] محمد بن محمد الشراب، المعالم الاثرية في السيرة و السنة، ص8.
[38] البلاذري، فتوح البلدان، دار الكتب العلمية، الطبعة الاولى، (بيروت: 2000م)، ص 270، ص337.
[39] الشافعي، الكتاب الأم، المحقق: رفعت فوزي عبد المطلب، دار الوفاء المنصورة، الطبعة: الأولى، (د.م: 2001م)، ج2، ص378-379؛ الماوردي، الاحكام السلطانية والولايات الدينية، تحقيق احمد جاد، دار الحديث، (القاهرة: د.ت)، ص 165.
[40] الماوردي، الاحكام السلطانية، ص 165.
[41] مەبەستی ئەم توێژینەوەیە گفتوگۆكردن نییە، لەسەر ئەو بابەتە فیهییە، كەڕا جیایشی لەسەرە، بەڵكو ئەوەی ئامانجی باسەكەیە ڕاڤەی پێوەرەكانی بەشار دانان گەشەی مێژوویانەی سستەمی شارنشینییە لە مێژووی ئیسلامیدا، بۆ زانیاری لەسەر ئەم بابەتە فیقهییە بڕوانە: الشافعي، الكتاب الأم، ج2، ص378؛ الماوردي، الاحكام السلطانية، 165.
[42] المصر- الامصار: بە ڕای شەرعزانان بەشوێنی كۆبوونەوەی دانیشتوان كە شوێنی نیشتەجێبوونی لە نموونە خانو و ماڵی تێدابن، نموونەی شارە ئیسلامیەكانیش بە الامصار ناوبراون. المقدسي، احسن التقاسيم فی معرفة الاقاليم، علق عليه محمدامين الضناوی، مكتبة مدبولي، ط3، (القاهرة: 1991)، ص47؛ فيروز ابادي، القاموس المحط، ص476.
[43] الماوردي، الاحكام السلطانية، 165.
[44] عادل عبد الله خطاب، جغرافية المدن، وزارة التعليم العالي، (بغداد: 1990م)، ص9-10.
[45] ئەوەی لێرەدا خراوەتە ڕوو، لە ڕوانگەی تێروانینی زانا موسڵمانەكان و سنوری خانەی ئیسلامە، كەئەمە گفتوگۆی ڕاجیایشی لەسەرە. بڕوانە: عبدالجبار ناجي، دراسات في تاريخ المدن، ص101، ئەگەرنا بۆ شارانی دەرەوەی ئەم خانەیە مەرج نەبووە و شاری گەورەش بوون و دوانگەشیان نەبووە.
[46] الماوردي، الاحكام السلطانية، ص62.
[47] الفارابي، اراء اهل المدينة الفاضلة، ص 120.
[48] فؤاد قنديل، أدب الرحلة، مكتبة دار العربية، (القاهرة: 2002)، ص67.
[49] لە ڕاستیدا جۆری گەشتەكان جیاوازببون هەروەك توێژەرێك بۆ گەشتی جوگرافی و مێژوویی و زانستی پۆلێنیكردوون، وە مێژووی سەرهەڵدان و هۆكار و بایەخەكانیشی خستوونە ڕوو. بڕوانە: فؤاد قنديل، أدب الرحلة، ص19؛ حكيم ئەحمەد خۆشناو، كورد و كوردستان لە دیدی گەریدە و وڵاتناسانی موسڵمان(232-626ك/ 846-1229ز)،وەرگێرانی شوكر سلێمان، چاپخانەی موكریانی، چ1، (هەولێر: 2014)، ل19، ل32.
[50] المقدسي، احسن التقاسيم، ص6-7.
[51] بۆ زانیاری دەربارەیان بڕوانە: كراتشكوفسكي، تاريخ الادب الجغرافي العربي، ق1، ص155؛ فؤاد قنديل، أدب الرحلة، ص70.

[52] كراتشكوفسكي، تاريخ الادب الجغرافي، ص208؛ فؤاد قنديل، أدب الرحلة، ص265.
[53] عبدالجبار ناجي، دراسات في تاريخ المدن، ص71؛ محمد عبدالستار عثمان، المدينة الاسلامية، عالم المعرفة، ( كويت: 1988م)، ص16.
[54] المقدسي، احسن التقاسيم، ص47.
[55] هەر ئەمانە وایكردووە، كە لە ڕوانگەی جوگرافی و كارگێری و مێژوویی و وەزیفی... پێناسە بۆ شار بكرێت. بڕوانە: عادل عبدالله خطاب، جغرافية المدن، ص 9.
[56] المقدسي، احسن التقاسيم، ص47.
[57] الشافعي، الكتاب الأم، ج2، ص378؛ الماوردي، الاحكام السلطانية، 165.
[58] المقدسي، احسن التقاسيم، ص47.
[59] اليعقوبي، البلدان، دار الكتب العلمية، (بيروت: 1422 هـ)، ص 75، ص82.
[60] المقدسي، احسن التقاسيم، ص47.
[61] عبدالجبار ناجي، دراسات في تاريخ المدن، ص78؛ محمد عبدالستار عثمان، المدينة الإسلامية، ص20-21.
[62] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عبدالجبار ناجي، دراسات في تاريخ المدن، ص71-76؛ محمد عبد الستار عثمان، المدينة الإسلامية، ص15.
[63] معجم البلدان، دار صادر، ط2،(بيروت: 1995)، ج1، ص 37.
[64] اليعقوبي، البلدان، ص 82.
[65] حەكیم ئەحمەد خۆشناو، كورد و كوردستان، ل187-188.
[66] سلوك الممالك في تدبير الممالك، تحقيق: حامد عبدالله ربيع، مطبعة دار الشعب،( القاهرة: 1983م)، ج2، ص420-422.
[67] ابن ابي الربيع، سلوك الممالك، ج2، ص404.
[68] أثار البلاد وأخبار العباد، دار صادر، (بيروت:1960)، ص7-8.
[69] موقەدیمە ئیبن خەلدون، وەرگێرانی سەعید بەشیر، چاپ و پەخشی ڕێنما، چ1، (سلێمانی:2016)، ب2، ل103؛ ابن الازرق، بدائع السلك في طبائع الملك، المحقق: د. علي سامي النشار، النشر وزارة الإعلام – العراق، الطبعة: الأولى،( د.ت)، ج1، ص219.
[70] ابن الازرق، بدائع السلك، ج2، ص273.
[71] قدامه بن جعفر، الخراج و الصناعة الكتابة، دار الرشيد، (بغداد:1981)، ص432.
[72] الفارابي، ارائ أهل المدينة الفاضلة، ص118-120.
[73] ڕەسول ڕەبانی، كۆمەڵناسی شار، ل21.
[74] بۆ نموونە بڕوانە: ابن ابي الربيع، سلوك الممالك، ج2، ص420-422.
[75] الطوسي، التبر المسبوك في نصيحة الملوك، ص 44.
[76] ابن ابي الربيع، سلوك الممالك، ج2، ص407، ص418.
[77] بۆ زانیاری دەربارەیان بڕوانە: محمد عبدالستار عثمان، المدينة الاسلامية، ص23.
[78] ابن الأزرق، بدائع السلك، ج،1، ص 219.
[79] ابن الأزرق، بدائع السلك، ج2، ص 273-274.
[80] ئیبن خەلدون، موقەدیمە، ب2، ل 22.